کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-5-2007 1:29

## سەردەمی ئاشتکردنەوەی (مەلا) کان.. مەریوان نەقشبەندی

لەدوای راپەرین و پێکهێنانی قەوارەی کوردی لەباشووری کوردستاندا بەبێ بیرکردنەوە کەوتینە دوای سیاسەتی پەراوێزخستنی مەلا و کەسایەتیە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان، بەبێ گوێدانە هەست و خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە گوێ لەمامۆستایانی ئاینی و رێنماییەکانیان دەگرن و ئاین بۆتە بەشێك لەکلتوری نەتەوایەتیان،

بەبێ هێشتنەوەی کەناڵێك بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەلا و توێژە ئاینی و کۆمەڵایەتیە موحافیزکارەکان، خۆمان تەسلیم بە رەوتێکی رۆژئاوایی کرد کە هیچ بەرنامەرێژی بۆ نەکرابوو.

هەتا ئەو رۆژەی شۆرش و خەباتی شاخ و پارتیزانی پارێزەری کەرامەت و سەروەری میللەتەکەمان بوو، مزگەوت و پێشمەرگە لەیەك جیا نەدەبوونەوە و مەلاکانی کوردستانیش گەورەترین هاندەری لاوانی کوردستان بوون بۆ بەرگری و پشتگیری شۆرشەکانی کورد،

ئاخۆ هەرگیز ئەو پرسیارە کرابێت کە ژمارەی ئەو مەلایانەی لەسەردەمی بەعسدا خۆیان بەو رژێمە فرۆشت چەند بوون؟ چەند مەلای کورد نەوتی شەجاعەی لەسەدام وەرگرت؟لەشەری ناوخۆدا مەلاکانمان دەوریان چۆن بوو؟ دوای روخانی رژێمی بەعس چەند مەلای کورد لە فایلی سیخورەکاندا ناویان هەبوو؟ئەی لەبەرامبەردا چەند بەرپرس و (رۆشنبیر) ە ئاخر زەمانەکانی ئەمرۆ ناویان لە لیستی سیخور و قەڵەمەکانی شەری ناوخۆدا تۆمار کراوە؟لەجیاتی لەبەرچاوگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە و لەجیاتی ستایشکردنی رۆڵی مەلا و پیاوچاکانی کوردستان و بۆ جێبەجێکردنی بۆچون و بیرکردنەوەی چەند کەسێکی ناو سەرکردایەتی و دەزگاکانی راگەیاندنی هەندێك لە حزبەکانی کوردستان، یان بۆ روبەروبونەوەی (ئیسلامی سیاسی) لەکوردستاندا، لەناکاو تەلەفزیۆنەکانمان، رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندن، کۆلکەنوسەر و راپۆرتنووس و (عەرزوحالچی) حزبەکان کەوتنە سەنگەری دژایەتیکردنی ئەم توێژە هەستیارەی میللەتەکەمان و بواری گفتوگۆ و کەناڵێکی لێکحاڵیبوونیان لەگەڵیاندا نەهێشتەوە، هەرچی نوێژی بکردایە و هاتوچۆی مزگەوتی بکردایە، دەیانخستە بەر گومان و ئاراستەی بیرکردنەوەی نەوەی نوێی گەلەکەمانیان بەرەو دژایەتیکردنێکی بێ بنەما و زیانبەخشی موسڵمانانی کوردستان برد، کەئەمە بەبۆچونی من پیلانێکی سەردەمی خەباتی شاخ بوو کە تیایدا (بەرەی چەپ) شکستی هێنا و بواری کاری سیاسیان لەناو حزبەکانی خۆیان نەما، هەمان پیلانیان هێنایە ناو حزبە نەتەوەییەکانی کوردستان و دەستیان بەجێبەجێکردنی کرد و رەنگە هەتائێستاش درك بە مەترسی ئەم پیلانە نەکرابێت کە لەوانەیە لەلای هەندێك (پلان) بێت نەك (پیلان) .

تەلەفزیۆن و رادیۆکانمان لەجیاتی ببنە مینبەرێك بۆ پێشخستنی زانست و گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ کارگەرترین توێژی کۆمەڵگای کوردەواری کاری هاوبەش و بەبەرنامە بکەن، لەجیاتی ئەوەی سوود لە مامۆستا و مەلا و زانا ئاینیەکان وەربگرن و بیانکەنە بەشێك لە بەرنامەی کاری نەتەوەیی، بوونە کەناڵی جرت و چەقەنە و خۆبادان، نەوەیەکی نوێیان بەم کلتورە راهێنا کە ئێستا گیریان خواردوە و نازانن چۆن بیانکەنە خاوەنی ئیرادە و ئینتیما، برادەرێکی رۆژنامەنووسم کەئێستا سەرنووسەری یەکێك لە رۆژنامەکانی کوردستانە هەرجارێك هەواڵی کردنەوەی مزگەوتێکم بۆ رەوانە دەکرد پێی دەگوتم ئەوە بنکەیەکی دیکەی تیرۆرستان لەکوردستان کرایەوە، ئا بەم شێوەیە نەوەی نوێی میللەتەکەمان و کادیرانی راگەیاندنیان پێگەیاندوە، .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆربەی بەرپرسانی راگەیاندنی کوردی کەبەداخەوە ئیرادەیەکی سیاسی باڵادەستی کوردیش لەپشتیانەوەن، هەتا پێیان دەکرێت کوێرانە (دژایەتی) یان بەلای کەمەوە پەراوێزی ئاینی ئیسلام و زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەن بەبێ هیچ ئیمتیازاتێك و بەبێ پاسەوان و پشتگیری دەیانەوی ئەو شەرەیان پێبکەن کە نەك کورد بەڵکو هەمو ئەمریکا و ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە کۆتایی پێبێنێت، پێیان وایە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ئەوەیە ماموٚستا و مەلا و مزگەوتەکان وەلا بنێیت و چوار (فەریکە رۆشنبیر) کە هیچ ئینتیمایەکیان بۆ کورد و کوردستان نیە و رەنگە هەر لەکوردستانیش نەژیابن و ئامادەش نەبن یەك دڵۆپ عارەق بۆ کورد برێژن، ئەمانە بکەنە واجیهە و بڵێن کورد بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەڕوات،

ئەوانەی ئێستا کراونەتە دەمڕاست وبەرپرسی راگەیاندنی کوردی، هەرچی ئیمکانیەتی مادی و مەعنەوی هەیە لەخزمەتیاندایە و دوا مۆدێلی ئوتومبیل و کۆشك و مەزرەعە وخەدەم و حەشەم و هۆڵی فێنککراوە لەهاوین و گەرم لەزستاندا کەچی لەبەرامبەردا کامەبوو هەڵوێست و قەڵەمەکانیان بەرامبەر تیرۆر و تۆقاندنی خەڵکی کوردستان و لەکاتی تەقینەوە و کارە تیرۆرستیەکانی ناو کوردستاندا جگە لەهێرشکردنە سەر مزگەوت و کەسایەتیە ئاینیەکان تاچەند خۆیان کردە هاوخەمی حکومەت و ئاسایشی کوردستان؟؟، ئەوانە بەبێ ریکلام و تەبلیغکردن و ئیغرائاتی جۆراوجۆر ناتوانن (50) کەس لەبۆنەیەکدا کۆبکەنەوە و ئەگەر کۆشیان کردەوە ناتوانن بەتێروانین و بۆچونەکانیان قەناعەتیان پێبکەن، بەڵام سەیری مزگەوتەکانی کوردستان بکەن کە نزیکەی (4000) مزگەوتی تێدایەو نیوەی ئەو ژمارەیە هەموو رۆژێکی هەینی وتاری تێدا دەخوێنرێتەوە و بەسەدان هەزارکەس بەخواستی خۆیان بەرەو ئەو مزگەوتانە دەڕۆن و گوی بە نەبوونی و گەرماوسەرمای مزگەوتەکە و تەنانەت ئاستی رۆشنبیری مەلای مزگەوتەکەش نادەن و هەفتانە مەلاکانی کوردستان بێ بەرامبەر و ئیغراکردنی خەڵکی، بی دەعوەتی بیبسی و پاقلاوە وخواردنە شاهانەکانی دوای سیمینار و کۆڕەکان، موخاتەبەی سەدان هەزار کەس دەکەن و بەشێکی زۆریش لەو خەڵکە گوێیان لێدەگرن و رێنماییەکانیش بەهەند وەردەگرن، دەبی لەگەڵ ئەم راستیانەشدا باسی ئەوەش بکەین کە سستمی ئاینی و دامەزراوە ئاینیەکان بە مزگەوت و تەکیە و خانەقا و کەنیسە و پەرستگا وحوجرە و فەقێ وە پێویستی بە گۆرانکاری و چاکسازیە، بەجۆرێك لەگەڵ پێشهات و گۆرانکاریەکاندا بگونجێت و لەکاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێت و مزگەوت نەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنی هەمەلایەنەی کوردستان، لەم رێگایەشدا حەتمەن دەبی وەزارەتی ئەوقاف بەرنامە و پلانی هەبێت و پشتگیری هەبێت و دەستی کراوەش بێت بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی بەرنامە و پلانەکانی، دەبی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیش بزانن ئێستا مەلای مزگەوتەکان نەخوێندەوار نین و بەپێچەوانەشەوە زۆرترین ژمارەی ئەکادیمی و پسپۆرە ئاینیەکان لەمزگەوتەکانی کوردستاندا وتار و رێنمایی پێشکەش دەکەن، جگە لەوەی دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆس لەناو ئەو مزگەوتانەدان، خەریکە بەبەرنامەیەکی ئەکادیمی هاوچەرخ مەلای کورد رادەهێنرێت کە رەنگە بە کەمترین پاڵپشتی حکومەت و کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو بەرنامە و پلانەی وەزارەتی ئەوقاف سەرکەوێت و ئەنجامەکانیش ببینین.

لەم رۆژانەی دواییدا هەست دەکەم گۆرانکاریەکی بەرچاو لەو تێڕوانینە هەڵەیەی کەپێشتر بەرامبەر مەلا و مزگەوت و ئەوقاف هەبوو لەئارادایە، وەزیری تەندروستی بەراشکاوی لەسیمینارێکدا رایگەیاند کەوا خەڵکی کوردستان زیاتر گوی لە مەلا و ماموٚستای مزگەوتەکان دەگرن و بەشێوەیەکی لاواز پشت بەرێنماییە پزیشکیەکان دەبەستن، بۆیە داوای هەماهەنگیەکی بەردەوامی لەماموٚستایانی ئاینی و وەزارەتی ئەوقاف کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی تەندروستی لەکوردستاندا، وەزارەتی مافی مرۆڤ وەزیری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرێم بۆ کاروباری ژنان وئافرەتان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان، تەنانەت ڕێکخراوە بیانیەکان ئێستا تێروانین و بیرکردنەوەی خۆیان گۆڕیوە و لەجیاتی بەپەراوێزخستن و دژایەتیکردنی مەلا و مزگەوتەکان، دەستیان بەهەماهەنگیەکی جدی کردوە لەگەڵیاندا و خەریکە بواری لێکگەیشتن و کارپێکەوەکردن بۆ ئاشتی و گەشەکردنی هەمەلایەنە ڕێچکەی خۆی وەردەگرێت کەبەبۆچونی من ئەمە هەنگاوێکی ئێجگار گرنگە بۆ چەسپاندنی قەوارەی نەتەوایەتی و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا، خەریکە لایەنە باشەکانی ئاین بۆ بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان و ناساندنی نەتەوەی کورد بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەکاردێت کە تیایدا هەموو چین و توێژەکانی جەماوەر سودمەند دەبن و ئەو سەنگەرانە لادەبرێن کە بەبێ مانا لەنێوان ڕاگەیاندنی کوردی و مەلاکانی کوردستاندا دانرابوو، .

حیکمەت و مەنتیقی هێورکردنەوە لەبەرامبەر کوشتنی نامرۆڤانەی کچەئێزیدی (دوعا) و دواتریش هەڵوێستی مەردانە و کوردانەی سەرجەم یان بەشی هەرەزۆری مەلای مزگەوتەکانی کوردستان بەرامبەر کارە تیرۆرستیەکەی (5/9) ی هەولێر و (5/13) مەخمور، وادەکات پێداچوونەوەیەکی جدی بەرامبەر ئەم توێژە هەستیارەی کۆمەڵگای کوردەواری بکرێت، حەقە ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و توێژە (بەناو ڕۆشنبیر) ەی کوردستان ئەم هەڵوێستانە لەبەرچاو بگرن و تەنها بەچاوی سوکایەتی کەمکردنەوە لەئاست و کاریگەری مەلا و مزگەوت سەیری کێشەکانی کوردستان نەکەن و کەناڵێکی لێکحاڵیبوون و پێکەوەکارکردن لەگەڵ مەلا و مزگەوت بۆ خۆیان بکەنەوە و وەزارەتی ئەوقافیش دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی لەم ڕێرەوەدا ببینێت، دەبی ئەو ڕاستیەش بوترێت کە هەندی لەمەلا و وتاربێژەکانی کوردستانیش بەبی بوونی پرۆژەیەکی دیاریکراو چەندین جار بەشداریان لە بزواندن و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی دەسەلات و ئەزموونی کورد و قەوارەی نەتەوایەتیمان کردوە، بەڵام ناکرێت ئەو ژمارە کەم و نامۆیە بکرێنە واجیهەی مزگەوت و مەلاکانی کوردستان و ئەم جۆرە مەلایانەش دەکرێت بەشێوازێکی گونجاو چ لەڕێگای گفتوگۆی ئیعلامی و چ لەڕێگای وەزارەتی ئەوقافەوە بخرێنەوە سەر ڕێگا نەتەوەییەکە و ئەگەر ئەوەش نەکرا ئەوا مەلا فەرمانبەر و مزگەوت دامەزراوێکی ئاینی ئەوقافە و دەکرێت وەك هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی ڕووبەڕوی یاسا و ئیجرائاتی ئیداری و سزادانیش ببێتەوە،

نزیکەی (16) ساڵە لەنێوەندە ئیعلامیەکانی کوردستاندا بەحەق و ناحەق سەنگەر لەمەلا و شێخ و مزگەوت و تەکیەکان دەگیرێت و دەسەڵاتی کوردیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری لەم ململانێییەدا دەکات و جارێك موجامەلەی مەلاکان دەکات و زۆربەی جارەکان لەپشت دامەزراوە ئیعلامیەکانیەتی کە وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن و بەڕێوەی دەبەن سەنگەرێکی بێبنەمایان دژبە مەلا و مزگەوت لێداوە، من داواکارم ئەگەر بۆ (16) ڕۆژیش بێت خۆیان بەرووی ئەو توێژەدا بکەنەوە و حیوارێکی هێمنانەیان لەگەڵ دەستپێبکەن و چاوەڕێی ئەنجام بن، خۆ ئەگەر بەیەکیش نەگەیشتن ئەوا زیانی نابێت و بابچێتە سەر ئەو هەموو کۆڕو کۆبونەوە بێ بەرهەمانەی کە بەناوی (ئاشتبونەوەی نیشتمانی و حیواری هێمنانە و بەرەو مەدەنیەت و کۆمەڵگای دیموکراسی و... هتد) دەکرێت، بەڵام من دڵنیام ئاشتکردنەوەی مامۆستای مزگەوتەکان ڕەوشەکە بەرەو پاراستنی زیاتری دەسکەوتەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیماندا دەبێت.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.